سیسـتەمی کۆلۆنیالیسـتی و گەیشـتن بـە ڕزگاری. ژنـی کـورد لەژێـر چەندیـن سیسـتەمدا دەچەوسـێتەوە: یاسـا و نۆرمەکانـی حکومەتـی ئیسـلامی-شـیعی، سیسـتەمی پیاوسالار/نێرسـالار، سیسـتەمی کۆلۆنیالیسـتی کـە چەندقـات دژی ژن و پیـاوی کـوردە. فێمێنیسـتی باڵادەسـت ئـەو "چەندتوێژی"یـە نابینـێ. لێرەدایـە کـە تەنیـا ڕوانگەیەکـی ئینتێرسێکشـنالی کوردانـە دەتوانـێ هەمـوو توێـژەکان بێنێتـە ژێـر ڕەخنـە و شـیکردنەوە و دروشـمی "ژن، ژیـان، ئـازادی" دەبـێ حەتمـەن لـە پراکتیکـی سیاسـیدا، ویسـتەکانی لۆکاڵـی و تایبـەت بەخـۆ بکـرێ و تێکـەڵاوی چەمکـی سـەروەریی سیاسـی بـێ. مافێـک کـە لـە جارنامـەی مافـی مـرۆڤ دا هەیـە و قەبـووڵ نەکردنـی ئـەم مافـە قەبـووڵ نەکردنـی خـودی مافـی مـرۆڤ و وجـودی ئینسـانی کـوردە.

شـەماڵێک هـەڵدەکا، درەنـگ دەکێشـێ، بـەڵام ڕووی لـە ڕزگارییـە.

## سەرچاوەکان

١. زۆر بیرمەنـدی کـورد پێیـان وایـە کـە ڕووداوکانـی چەنـد مانگی ڕابردوو، شـۆڕش بەمانای کلاسـیکی خۆی نییە و هێشـتا ڕاپەڕیـن وجوڵانەوەیـە. بـەڕای مـن ئـەم ڕووداوانـە بـە گشـتی شۆڕشـێکی هزریـن و دابڕانـە لـە هـزری داگیرکـەران و ئاییـن، بـەڵام دیـارە کـە هێشـتا ئـەم ڕاپەڕیـن و جووڵانەوەیـە نەبووەتە شۆڕشـێکی سەراسـەری لـە ئێرانـدا.

٢. سـارۆ ئـەردەڵان لـە چەنـد وتـاری داهێنەرانـەی خـۆی لـە گۆڤـاری تیشـکدا بـۆ وێنـە کۆلۆنیالیزمـی وەخۆگـر و نووسـین بـە بلێسـەی ئاگرهەوڵـی داوە کـە باسـی مێکانیسـمەکانی کۆلۆنیالیسـمی وەخۆگـر و ئـەوە کـە بۆچـی کوردسـتان کۆلۆنییـە بـکا. زۆر توێـژەری دیکـەش باسـی کۆلۆنـی بوونـی کوردسـتانیان کـردووە. بـەڵام زۆر پێشـتر (١٩٦٣) د. قاسـملوو بـوو بـە کتێبـی کوردسـتان و کـورد هەوڵـی ئـەوەی دا نیشـان بـدا کوردسـتان موسـتەعمەرەیە و ئیمپریالیسـم سـەددی ڕێـگای ڕزگاریـی کوردسـتانە. هەروەهـا د. کەمـال سـولەیمانی لـە باسـێک لـە کلابهاوسـدا باسـی د. قاسـملوو دەکا کـە چـۆن کۆلۆنیالیزمـی دژی ئیـرادەی نەتـەوەی کـورد دیتـووە. بڕوانـە، قاسـملوو، کوردسـتان و کـورد سـاڵی (١٩٧٣) کراوەتـە کـوردی. هەروەهـا تێلێگرامـی د. کەمـاڵ سـولەیمانی
https://t.me/ksoleima/86

٣. ژیانـەوە، گۆڤـاری تیشـک. شۆڕشـێکی ئینتێرسێکشـنال، شـەهلا دەباغـی
https://wp.me/pbFtRD-5hz

4. Bibeln eller Den Helga Skrift, Stockholm. Kyrkans Diakonistyrelses Bokförlag, 1924. Höga Visan: kap. 1-8. s. 725-731.

5. Bibeln. Belgien, 2000. Bokförlaget Libris, Tredje tryckning. Höga Visan: 1-8. s. 559-564.

6. Goldman, Anita. Vår Bibliska Mödrar, 1988.

7. https://www.youtube.com/watch?v=19EIXZYFI4s

٨. حمایـت مایـکل هـارت، فیلسـوف آمریکایـی، از اعتراضـات سراسـری مـردم ایـران و جنبـش زن، زندگـی، آزادی - YouTube

٩. کاتێـک وشـەی "پیـرۆز" بـەکار دێنـم ڕوانگەیەکـی ڕەخنەگرانـەم هەیـە کـە کتێبـە دینـی و سیاسـییەکان لەلایـەن لایەنگرانیانـەوە پیـرۆز چاولێدەکرێـن، بـەڵام لێـرەدا وشـەکە تەنیـا بـۆ پێکانـی مانـا بـەکار دێ و ئینجـا کتێبەکانـی ئایینـی ئیبراهیمـی هـەر بەنـاوی کتێبـە پیـرۆزەکان ناسـراون. ئـەم خوێندنەوەیـە بـۆ کتێبەکانـی بەڕێـز ئۆجەلانیـش هەیـە کـە دروشـمی "ژن ژیـان ئـازادی" لەوێـوە دێ و لایەنگرانـی ئاپـۆ جۆرێـک پیرۆزییـان داوەتـە کتێبەکانـی. یـا سـەردەمانێک کتێبـە مارکسیسـتییەکانیش تـا ڕادەی پیـرۆزی بەرزدەکرانـەوە. بـە گشـتی ئەمـە گرفتـی هەمـوو دیـن و ئایدئۆلۆژییەکانـە کـە بـە پیـرۆز دەکرێـن.

١٠. تێلێگرامی د. کەماڵ سلێمانی https://t.me/ksoleima/75

١١. تێلێگرامی د. کەماڵ سلێمانی https://t.me/ksoleima/71

١٢. https://t.me/ksoleima/77

١٣. تێلێگرامی د. ئەحمەد محەمەدپوور https://t.me/Ahma-dUMASS/322

١٤. کەریمــــی، ئەییـــووب. (بەهـــاری ٢٠٢٢) دەروونشـــیکاریی ســـووژەی بندەســـت. گۆڤـــاری ئاژیـــن

١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٦. عوسمانزادە، داوود. (٢٠٢٢) کۆلۆنیالیزمی ڕۆژانە لە کوردستان: کۆلۆنیالیزم لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سێهەم. گۆڤاری تیشک، ژمارە ٦٤. ل. ٥٦-٧٥.

١٧. لە دیالۆگێک لەگەڵ عوسمانزادە باسی ئەوەی دەکرد کە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە هەم دامەزراوەکان و هەم تاکی بکەر دەبێ ئاگایی ڕزگاریخوازنە لە پراکتیکی ڕۆژانەدا بەرهەم بێنن و "ژن ژیان ئازادی" لە ژیانی ڕۆژانەدا لەبەرانبەر کۆلۆنیالیزمدا ڕاوەستێ.

١٨. تێلێگرامی د. کەماڵ سلێمانی
https://t.me/ksoleima/78